سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا
نووسینگەی نەقیبی سەندیکا

نقابة مهندسي كوردستان
مجلس النقابة – مكتب النقيب
KURDISTAN ENGINEERS UNION
COUNCIL OF UNION

ژمارە : ت/ 48
ڕێکەوت : 23/ 8 / 2017

# دیدارم لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانیو ووتەی منو وەڵامو گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەڕێزیان

لە سەعات (2)ی ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی (2017/8/21)، لە هۆڵی شەهید سعد عبدالله لە هەولێری پایتەخت، لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەندازیارانو سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییەکانی تریش کە سەرجەم زیاتر لە (1000) کەس دەبووین، لە بانگەشەی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا وەك نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان بانگهێشتی ئەم دیدارە کرابووم. لە دوای ووتەکانی جەنابی سەرۆك، لە موداخەلەیەکدا، یەکێك لەوانەی قسەی کرد لەم دیدارەدا من بووم. ئەمەی خوارەوەش دەقی ووتەکانم بوون لەگەڵ وەڵامی جەنابی سەرۆكو گفتوگۆکانی نێوانمان:

- **ووتەکانی عبدالرحمن علی کوردە، نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.**

بەڕێز جەنابی سەرۆك، ریفراندۆم، ئەرکێکی ئەخلاقی، نەتەوەیی، نیشتیمانی هەموو تاکێکی گەلی کوردستانە. بۆیە ئەرکی هەموولایەکمانە، بە حەماسەوە، بە ئەوپەری هیممەتو جهودو تواناوە، بەرەورووی ئەو پڕۆسەیە بچینو بە (بەڵێ) دەنگی بۆ بدەین. دیارە لەپاڵ دەنگی (بەڵێ)، دەنگێکی تریش هەیە پێی دەگووترێ دەنگی (نەخێر). جەنابی سەرۆك، بێگومان بۆ ئەو دەنگە (نەخێر)انە هۆکار هەن بۆ دروستبوونیان. ناڵێم هەر هەموویان، بەڵام بەشێك لەو دەنگە (نەخێر)انە هۆکار هەن بۆ پەیدابوونیان. بۆیە جەنابت وەك براگەورەیەك، وەك سەرۆکی هەرێم، وەك سەروەری هەمولایەکمان، دەکرێ هەوڵو جهود سەرف بکرێت بۆ کەم کردنەوەی ئەو دەنگە (نەخێر)انە بەلابردنی ئەو هۆکارانە. لەوانەیە، یەکێك لەوانەی زوخاو لەهەناوی دێت، عبدالرحمن علی کوردە بێت کە نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانو نوێنەرایەتی ئەندازیاران دەکات کە بەهۆی ئەم هۆکارانەوە، ئەو سەندیکایەی کە من نوێنەرایەتی دەکەم، ئەو سەندیکایەی کە من لە تۆپیدام، گەورەترین غەدری لێکراوە جەنابی سەرۆك. گەورەترین غەدر کە لە مێژووی 26 ساڵەی تەمەنی هەرێمی کوردستاندا غەدری وا وێنەی نەبووە. *(موداخەلەی بەڕێز کاکەمین نەجار بۆ بڕینی قسەکانی منو بەڵام بەردەوام بوونم لەسەریان)*. وە من ڕاستەوخۆش گلەیی لە جەنابت دەکەم، جەنابتان وەك براگەورەی ئێمە، حەوت ساڵە داوادەکەین کە جەنابت ببینین بۆ ئەوەی هۆکاری دروستبوونی گلەیی سەندیکاو ئەندازیارانی کوردستان بە جەنابت ڕابگەیەنینو بڵێین پێویستە مەجالی دروستبوونی ئەو جۆرە هۆکارانە نەدرێن کە ئەمڕۆ دەبن بە هۆکار بۆ ئەوەی پڕۆسەی وەك ریفراندۆم بەلارێدا ببرێو، وە دەنگی (نەخێر)، ببێتە دەنگێك کە بەرامبەر بە پڕۆسەیەکی وا نەتەوەییو نیشتیمانی ڕابوەستێ..... سوپاس.

- **دەقی وەڵامی جەنابی سەرۆك بۆ عبدالرحمن علی کوردەو گفتوگۆکانی نێوانیان.**

**سەرۆك: کاك عبدالرحمن، جەنابتان دەڵێن حەوت ساڵە داوای دیتنی منتان کردووە، بەخوا ئێستا نەبێت نەمزانیوە. لەبەر ئەوە ببوەرە ئەگەر داوات کردووە. نازانم بە کێت گوتووە؟**

**عبدالرحمن: کەناڵ نەماوە پێی نەڵێین. (بەداخەوە بەبێ مایك)**

**سەرۆك: باشە ... پاشان وەرە محاسبەی ئەو کەناڵانە دەکەین ئەوەی پێت گوتوون. باشە؟**

**عبدالرحمن: سێ لەو کەناڵانە لێرەن، جەنابی سەرۆك. (بەداخەوە بەبێ مایك)**

**سەرۆك: کێنە ئەو کەناڵانە؟**

**عبدالرحمن: هەرسێکیان برادەرمن، کاك نوزاد هادیو کاك ساسان عەونیو کاکەمین نەجار. (جەماوەر چەپڵەیەکی بەهێزیان لێدا).**

**سەرۆك: والله، ئەوە بە شاهێدی ئەم هەموو خەڵکە ئەمە هەرسێکیان، کەی بە منتان گوتووە؟ پێکەنیو ووتی بە منیان نەگووتووە.**

**عبدالرحمن: ئاخر ئەوانیش لەو هۆکارانەن کە باسم کردووە، جەنابی سەرۆك. (بەداخەوە بەبێ مایك)**

**سەرۆك: یان ئەگەر بە مەکتەبی منیان گووتبیو ئەوان بە منیان نەگووتبی. بە پێکەنینەوە، باشە باش پێك دێین. وەرە بەسەرچاو. چەپڵەیەکی توند لێدراو سەرۆك دەیویست لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام بێت کچێکی تەمەن بچووك بە ئاڵایەکی کوردستانەوە ناردرایەسەر شانۆ بۆلای سەرۆكو ئاڵاکەی پێداو سەرۆك ماچی کرد.**

**تێبینی: لە دیدارەکەدا کەسانێك کە لە پشتەوە دانیشتبوونو ئاگاداری ڕەوشەکە بوونو چەند کەسێکیان لە فیسبووك نووسیویانە کە ئاگاداری هەڵسوکەوتەکان بوونەو منیش ناناسنو دەڵێن، ناردنی ئەم کچە بۆ مەشغوڵ کردنی جەنابی سەرۆك بووە بۆ گۆڕینی بابەتەکەی لەسەر عبدالرحمن علی کوردە. لەدوای ئەمەشدا سەرۆك دیسانەوە هاتەوە سەرباسەکەو ووتی:**

**سەرۆك: ئێمە نانو نمەکمان هەیە لەگەڵ ئێوەو لەگەڵ حاجی ئۆمەرانیەکان. وە دەیویست زیاتر بەردەوام بێت کە دیسانەوە بۆ گۆڕینی بابەتەکە، قسەیان بە سەرۆك بڕیو گەنجێکی زاخۆیی موداخەلەی پێکرا.**

**عبدالرحمن علی کوردە**
**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
2017 / 8 / 23

ماڵیم

Mob:+964(0)7504532197 Tel: +964(0)662511532
Web: www.andazyar.org E-mail : info@andazyar.org
هەولێر، شەقامی شەست مەتری، بەرامبەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری